

# ئەو نامەیەی بە درەنگەوە بینرا

حەسەن هەندرێنی

کلاشینکۆفەکەی خستە ژێر پاڵتۆکەی تا کەس نەیبینێ، بەر لەوە فیشەکەکانی ژماردن، یەک، دوو ... دە ... سی دانەی تەواوە، هەمووشیان تانکبڕن، ئەوە تەواوە یەکجارە و تەواو، لەبەرخۆی وای گوت. خۆ دەبێ نامەیەک بۆ پەری جێ بێڵم ... بنووسم، خێرا لە وشەی جێ بێڵم پەشیمان بووەوە، وا دەکەم هەر دەبێ ئەو یەکەم کەس بێ بەوە بزانێ، وەک چۆن یەکەم خەمڕەوێنمە. کە بیری دەکەوتەوە دەستی نەدەگرت نامەیەکی بۆ بنووسێ.

لەناو ژوورەکەدا کلاشینکۆف بەشان کەوتە ڕاوێچکە، سەرنجی گوڵە ئاڵوواڵاکانی مافوورەکەی بەرپێی دەدا، بەڵام خەیاڵی لای پەری بوو، لای ئەو نامەیە بوو، کە بڕیاربوو بۆی جێ بێڵێ ... بەڵێ لە کۆتاییدا هەر جێ هێشتنە.

«باشە بۆ سەرێکی دایکم نەدەم، خۆ دەبێ پێش ئەم کارە ئەو ببینم، بۆ نا .» کلاشینکۆفەکەی خستە نێو قەدی نوێنەکان و لە ماڵ دەرچوو. ماڵی دایکی چەند هەنگاوێک لە ماڵی خۆیان دوورە.

باوکی پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، ئەم خانووەی لە نزیکی ماڵی خۆیان بۆ دروست کرد. ئەو ڕۆژەی خانووەکە تەواوبوو، باوکی چووە سەربڕخانەی شارۆچکەکە گوێرەکەیەکی سەربڕی و گۆشتەکەی لەسەر ماڵە دراوسێکان بەشییەوە. زۆر دڵی بەو خانووە خۆش بوو، چونکە بێجان تازە پەری مارەبڕیبوو، هەردووکیان دەبوونە مامۆستای شارەکە، ژیانێکی خۆشیان دەبێ، ئەمە مرازی باوکی بوو، هەرواش دەرچوو، بێجان و پەری بوونە هاوسەر .. دوو هاوسەری گیانی بە گیانی، بەڵام لەدوای پەیدابوونی (شیا)ی کچیان، مۆتەکەیەک بەرۆکی (بێجان)ی بەرنەدەدا، ئەم بارە ناهەموارەشی لای کەم کەس باس دەکرد، تەنانەت بۆ (پەری)ش بە تەواوی باسی نەدەکرد، تا بتوانێ هاوکاری بکات. ئەوەی (پەری)شی

زیاتر چەواشەکردبوو، ئەو خەندە جوانانەی بێجان بوون بەڕووی ئەودا و ئەو قووڵ ڕامانەی بوو لە چاوە شەهێنەکانییەوە.

زوو ئەوەی بە پەری گوتبوو: تا ئێوە لە بازاڕکردن دێنەوە، منیش سەردانێکی دایکم دەکەم، بەدەم قسەکردن و ماچکردنی (شیا)وە تا دەرگای دەرێ پێ بەپێی پەری ڕۆیشت، هەتا پەری لە سیلەی کۆڵانەکە ئاوابوو، لە دواوە هەر سەیری بەژنی دەکرد، خۆزگەی دەخواست، ئاوڕێک بداتەوە، نەیدایەوە و ئاوابوو.

دیسان سەیری کلاشینکۆفەکەی کردەوە، لەبەرخۆیەوە گوتی، تۆ لێرە بخەوە تا دێمەوە. بەرەو ماڵی دایکی هەنگاوی هەڵێنان، دەیزانی چۆن بە ئاسانی دەرگاکان بکاتەوە، گەیشتە دەرگای ژوورەوە و بە هێواشی کردییەوە، بینی دایکی لەدیار ئەلبوومی وێنەکان دانیشتووە و فرمێسک بە هەردوولای چاوەکانیدا هاتوونەتە خوارێ، بەڵام هەر کە (بێجان)ی بینی بە لچکی سەرپۆشەکەی فرمێسکەکانی سڕین.

فەرمووی لە بێجان کرد، کوڕم بۆ وا بەبێ دەنگی، دەجارێک هات و هاوار و فشە و سوعبەتێک بکە، ئەو هەموو بێدەنگی و کڕی و کپییە چییە لە خۆت بارکردووە. زەردەخەنەیەکی پڕ واتای بۆ دایکی کرد و بە دەنگێکی نزم گوتی: «دەمێکە دەرگام کردووەتەوە و بە دیارتەوە ڕاوەستاوم، نەمویست لەو خەیاڵە جوانانەت بکەم، دەمێکە سەرنجت لەسەر وێنەیەک هەڵ نەگرتووە، دەتوانم ببینم؟» دایکی ئەلبوومەکەی بۆ وەرسوڕاند و وێنەی خاڵی نیشان دا، پیاوێک بە سمێڵ و ڕیشێکی ڕەشی تێکئاڵاو، بە دوو چاوی گەش سەرنجی ناو چاوی هەر کەسێک دەدات کە سەیری دەکات. پیاوێک هەر لەو تەمەنەی ئێستای بێجان بوو، زۆریش لەیەکدەچوون، ئەم خاڵەی لەو تەمەنە پڕ جوانییە لە زیندانی مووسڵ بەهۆی خیانەتی ناپاکێک، کە هاوشاریی خۆی بوو، سکاڵای لێ کردبوو و لە لایەن پیاوانی ڕژێمیشەوە چاودێرییان خستبووەسەر و بە نامەیەکەوە کە لەلایەن سەرکردەیەکی سیاسیی کوردەوە لە شاخەوە بۆی هاتبوو، گیرا و ئەم بەڵگەیە بەس بوو تا پێی لە سێدارە بدرێت، هەرچەندە لە نامەکە وا نووسرابوو، بۆ هەڤاڵی هێژا (بێجان)ی تیکۆشەر، کە خۆی ناوی حوسێن بوو، بەڵام بۆیان دەرکەوت کە ئەمە ناوی نهێنی ڕێکخستنی ئەو بووە، بۆیە ئەم (بێجان)ـەش هەر لە خۆشەویستی خاڵی بەو ناوە ناو نرا.

ئەم جارە دایکی سەرنجی (بێجان)ی دا و جوان لێی ڕوانی، وەک ئەوەی لەنێوان وێنەی ناو ئەلبوومەکە و بێجان یەک کەس ببینێ، هەر وای هاتە بەرچاو و بە (بێجان)ی گوت: «کوڕەکەم تۆ ڕێک دانەیەکی لەبەرگیراوەی ئەویت، ئای خودایە چەند میهرەبانی، یەکێکت لێ ستاندین، بەڵام هاوتایەکیشت پێ بەخشین. ئەگەر بڵێم ئەو زۆر لەتۆش هێمنتر بوو، ڕاستە. زۆری خۆش دەویستم، نازانم هی ئەوە بوو تاقانەی سێ برا بووم، یان ئەو خۆی وابوو، لایەنگری مافی ژنان بوو، بیروباوەڕەکەی وابوو، زیاتر لە خەمی کۆمەڵگەدابوو، تا ماڵ و خێزان، بەڵام لەنێو خێزاندا کەس بۆی نەبوو، بەرهەڵستی من و دایکم بکات، لەسەرمان هەڵی دەدایێ، کە ئەو نەما بەتەواوی پشتم شکا.».

«دایکم لەناو وێنەکان بەجێ هێشت، بەڵام وام لێ کرد، وێنەی منیشی تا ئەبەد بکەوێتە ناو زەین، ئەوەندەم لەلای ئەو خۆ شیرین کرد، ئێستا پەشیمانم، دەڵێم خۆزگە بەو نەرمییە نەجووڵابامەوە. تازە تێپەڕی ئەو لەوێ مایەوە و منیش بەرەو ماڵی خۆمان، بەرەو کلاشینکۆفەکە.» دەستێکی لە کلاشینکۆفەکەدا گەرم داهاتبوو، لەبەر خۆیەوە گوتی، هێشتا ماوتە تەواو گەرم دابێی.

دیسان نامەکەی بەبیرهاتەوە بۆ پەری بنووسێ. ترینگەی نامەیەک لە مۆبایلەکەی پەری هەستا، دوای ماوەیەکی کورت ترینگەی دووەمیش هات، بەڵام لەبەر جەنجاڵی و قەرەباڵغی ناو بازاڕ و گرێی ناوبەناوی (شیا)ش، ئەم ترینگانە هیچ کاردانەوەیەکیان دروست نەکرد، بە خۆی و دشەکەی، کەوتبوونە ناو جلوبەرگی ژنان و ئەم جۆرە میکاپانەی لەناو جامخانەکان دانرابوون. دەستیان لە زۆربەیان دا، دشەکەی هەر دانەیەکی هەڵ دەگرت، پارەکەی لای پەری دەدرا، بۆیە

دشەکەی بە تەریقبوونەوە دەستی بۆ شتەکان دەبرد، تا پەری پێی زانی و پێی گوت، هەرچی هەڵی دەگری دیاریی (بێجان)ـە، پێش ئەوەی بێین پێی گوتم، هەرچی خوشکم پێی جوان بێ، دەبێ بۆی بکڕیت، جا دڵ لە دڵ مەدە و دیاری (بێجان) یش ڕەت ناکرێتەوە، ئەمەی بە زەردەخەنەوە بە دشەکەی گوت.

تا لەناو قەرەباڵغییەکە هاتنەدەرێ، خەریک بوو، درەنگ دابێت، بۆیە دەستی بردە ناو جانتاکەی تا مۆبایل دەربێنێ و تەلەفۆنێک بۆ بێجان بکات، بەڵام چی بینی؟ خوێندنەوەی نامەکە و بوورانەوەی لەوێ دەستبەجێ بوون. ئەوەی تووشی سەرسوڕمان هات، دشەکەی بوو! لە هیچ تێ نەگەیشت، نەیزانی چی بکات! بە دەستێکی زەرفەکانی بەدەستەوە بوو، بە دەستەکەی تریش (شیا)ی لە باوەش بوو، نەیزانی بۆ وا لە پڕ پەری وای بەسەر هات.

شتەکان و (شیا)ی دانان و بۆ پەری نووشتایەوە تا هەڵیگرێتەوە، ئەو ڕێبوارانەی بەوێدا دەهاتن و دەچوون، هاوکارییان کرد، پەری هۆشی هاتەوەبەر، دەستی بە قیژە لێدان کرد، وای بێجان نەکەیت، ئەوەم لەگەڵ نەکەیت، خوشکەکەی تێگەیشت، بێجان شتێکی بەسەر هاتووە و لێی پرسی، چی بووە پێم بڵێ دڵم تەقی؟ بێجان... بێجان. پەری وای گوت. دشەکەی گوتی: بێجان چییەتی؟ پەری مۆبایلەکەی نیشانی دشەکەی داو ئەویش هەر لەوێ کەوتە گریان و ناڵین و لەخۆدان، بەم حاڵە بە هەڵەداوان خۆیان گەیاندە گەراجەکە و بەرەو ماڵ بوونەوە، بەڵام تا گەیشتنەوە ماڵ، پەری هەر نزای دەکرد، خودایە پەشیمان بووبێتەوە، لە ژیان هیچم ناوێت تەنیا ئەم نزایەم گیرابێ، بەڵام نا ئەوە نییە تەلەفۆنەکەم وەڵام ناداتەوە. تازە کار لە کار ترازاوە، ویستی تەلەفۆنێک بۆ خەسووی بکات، بەڵام نا، پەشیمان بووەوە، ئەگەر نەیزانیوە با هەر نەزانێ، هەرچەند درەنگتر هەواڵەکە بزانێ باشترە.

***

پەری گەردنم ئازادکە، خوا حافیز، ئاگات لە شیا بێت، شتی جوان بکڕن. ئەمە نامەی یەکەم بوو کە لە کاتژمێر سێ و بیست خولەک نووسیبووی و بەڕێی کرد. ماوەیەکە هەست دەکەم، یەکێک چاودێریم دەکات، بۆ هەر لایەک دەچم وازم لێ ناهێنێ، ناوێرم پۆستێک لە فێس بووک بکەم، چاودێریم دەکات، ئەو کە لە من دانووساوە، بە هیچ جۆرێک وازم لێ ناهێنێ، ئەی جوانترین و نازدارترین ژنی دنیا، ماوەیەکە ئەوەم لە تۆ شاردووەتەوە، ئەوەی دەیکەم بۆ ئەوەیە، ئێوە بپارێزم، بەڵکوو بە مردنی من کۆتایی بەو ڕاوەدوونانە بێت. ناخۆشترین شت بۆ من ئەوەبووە، لە نێوان ئەو هەموو خۆشەویستییەی هەمە بۆ تۆ و شاردنەوەی ئەو نهێنییە بتوانم پارسەنگ ڕابگرم، بەڵام چیتر ناتوانم بەرگەی ئەو ئازارە بگرم، چیتر ئەو پارسەنگەم بۆ ڕاناگیرێ، ئەوە مۆتەکەیە بەرۆکم بەرنادات، بۆیە ئەمڕۆ بڕیارم دا خۆم ب ... کو ... ژم، دەستم ناگرێ ئەم وشەیەت بۆ بنووسم، بەڵام دواجار ئەم ڕاستییە بە چاوەکانی خۆت دەبینی.

پێش ئێستا سەرێکی دایکیشم دا، ئەویشم لەنێو بارێک خەمدا بینی، ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر هەستم بەوە کرد، کە دایکم چەند منی خۆش دەوێ، ئاخر، بۆنی براکەییم پێوە دەکات، ئەو نەماوە، من تاکە یادگاریی جێماوم بۆی، ئای ئەگەر دەزانیت، قاچەکانم چەند قورس بوون، کە ئەوێم جێ هێشت، هەرچەندی دەمکرد هەنگاوەکانم پێ نەدەنران، بەڵام لەبەرئەوەی ئامانجێکم هەبوو، هەر دەبووا، بەسەر خۆمدا زاڵ بم، نەهێڵم سۆز بەسەرمدا زاڵ بێ، هەر ئەوەم کرد، ئاگات لە شیا بێ، تۆ باشترین و میهرەبانترین دایکی، هەرگیز وانەکەی بێنازیی پێوە دیاربێ. پێم خۆشەبێ، کە خوشکەکەم بە کڕینی دیاریی دڵخۆش کەیت، دوا ڕستەم ئەوەیە، بۆ تۆڵەکردنەوە بەدوای کەسدا مەگەڕێن، ئەگینا ئاسوودە نابم، خۆشەویستت بێجان، ئەمەش دووەم نامە بوو دوو خولەک دوای نامەی یەکەم بۆ پەری بەڕێ کردبوو.